# عیسا کێیە ؟

## بەلای تۆوە
## عیسای ناصری کێیە ؟

# یەکەم : ئەوە کێیە ؟

ڕۆژێکیان دانیشتوانی ئۆرشەلیم کەژاوەیەکی گەورەیان بینی بەرەو شارەکە دەهات . کۆمەڵێك خەڵك بەقەرەباڵغی ڕێیان دەکرد و ئەو لق و چڵی دارانەی بە دەستیانەوە بوو لەژێر پێی کەژاوە سوارەکە بوو ، دەنگیان بەرز دەبـووەوە و لەنێو ئەو شاخانەی لەدەوری شارەکەدابوون دەنگی دەدایەوە هاواریان دەکرد

" هۆصانا بۆ ڕۆڵەی داود ... پیرۆزە ئەوەی بەناوی پەروەردگاروە دێت ... هۆصانا لە بەرزاییەکانەوە "

قەرەباڵغییەکە پتر بوو ، کەژاوەکەش گەورەتر بوو ، ژمارەی ئەو خەڵکانە زیادی کرد کە کۆببوونەوە لەوەی بـەرەو شار دێت

ئێستاش تا دێت قەرەباڵغییەکە پتر دەبێت و کەژاوەکە گەورەتر دەبێت ، وە ئەو کەسانە زیاد دەبن کە هاوار دەکەن و باوەڕ بە مەسیح دەهێنن ، دەنگەکە بەهەموو مێژوو و هەموو جیهاندا دەنگدەداتەوە و دەڵێت :

" پیرۆزە ئەوەی بەناوی پەروەردگارەوە دێت .. هۆصانا لە بەرزاییەکانەوە "

پەرتووکی پارساش دەفەرموێ ، کاتێك مەسیح چووە نێو ئۆرشەلیمەوە شارەکە بەئومێد و تکا خوازییەوە دەیووت : ئەوە کێیە ؟

تائەمڕۆش شارەکان هیوادارن .... ئەقڵەکان ئومێدەوارن ... تائێستاش هەموو جیهان خوازیارن و دەڵێن : " ئەوە کێیە ؟ ... ئەوە کێیە ؟ "

کاتێك مەسیح ڕاژەی دەستپێکرد لەسەر زەوی ، وە هەر دوانزە قوتابییەکانی کۆکردەوە ، ناردنی تا مژدەی پاشایەتی خودا بدەن و ، نەخۆشەکان چاك بکەنەوە ، جەماوەرەکەی لێکۆبووەوە و لە هەموو جێیەك بەشوێنیەوە بوون و ئەوە لەرزەیەکی وای لێکەوتەوە کە سەرانی کاهینەکان و میللەت و سەرکردەکانی ترساند ، تا گەیشتە هیرۆدۆسی پاشا ، گومانی برد و سەری سوڕما و بەترس و دڵەڕاوکێوە پرسی : من سەری یوحەننام لێکردەوە ئەی ئەمە کێیە ؟

## دووەم : دانسقە و سەمەرە

لە مێژوودا نەهاتووە یەکێك لەو بچێت "‌.... ناوی بە سەرسامگەر ، ڕاوێژگەر ، خوداوەند ، بەتوانا ، ببرێت ....."
( ئیشایا ٩ : ٦ )

کردارەکانی مایەی سەرسوڕمان بوو

" بەیانییەکیان کە دەگەڕایەوە بۆ شارەکە برسی بوو . ڕوانییە دارهە نجیرێك کە لەتەنیشت ڕێگەکە بوو بەرەو ڕووی چوو بەڵام تەنها گەڵا نەبێ هیچی تری پێوە نەبوو پێی ووت لێرە بەدواوە تا هەتایە بەر لەتۆ نابێت دەمودەست دار هە نجیرەکە ووشك بوو ، کە قوتابییەکان ئەوەیان بینی سەریان سوڕما " ( مەتتا ٢١ : ١٨ ٢٠ )

ووتەکانی پایە و دەسەڵاتی پێوە دیاربوو

" کاتێك عیسا لەم ووتانە تەواو بوو ، خەڵکەکە لەشێوەی فێرکردنی زۆر سەرسام بوون ، چونکە وەك دەسەڵاتدارێك فێری دەکردن " ( مەتتا ٧ : ٢٨ ، ٢٩ مەتتا ١٢: ٢٣ مەتتا ١٣ : ٥٤ مارکۆس ٢٦ )



## پەرجووەکانی لەسرووشت بەدەربوون

چاککردنەوەی نەخۆش ، وای کرد شەلەکان بڕۆن ، کەڕەکان ببیستن ، کوێرەکان ببینن ، گۆجەکان بجوڵێن ، وەئەوانەش بە شەیتانەکان بەستراون ئازادیان ببێت ، شێتەکان ئاقڵ بن . تەنانەت سرووشتیش ملکەچی بوو و ڕێزی دەگرت و گوێڕایەڵی بوو ، فەرمانی بەدەریا و ڕەشەبا دەکرد و ئارامی دەکردنەوە . تا خەڵك سەریان سوڕما و دەیانووت ئەمە چ مرۆڤێکە ؟

## مردنی بەزاند

زۆر کەسی لەمردن هەستاندەوە وگەڕاندنیەوە بۆژیان : کوڕی بێوەژنەکەی نایینی هەستانەوە ( لۆقا ٧ : ١١ ١٧ ) کچی سەرەك کۆمەڵگەکەی لەمردن هەستاندەوە ( مەتتا ٩ : ١٨ ٢٦ ) و ( مارکۆس ٥ : ٢١ ٤٣ ) و ( لۆقا ٨ : ٤١ ٥٦ ) لەعازاری هەستانەوە ( یۆحەننا ١١ : ١ ٤٤ ) خۆشی لەمردن هەستانەوە وگۆڕنەیتوانی بیبەزێنێت .

## سێهەم : خەڵك دەڵێن ئەوە كێیە ؟

بەهۆی ئەوەی خەڵكەكە لە ژیان و كردەوەكان و پەرجووەكانی بینیان ، وە ئەوەش كە لەفەرموودەكان و فێركارییەكانی بیستیان واقیان وڕما ، ڕۆژێكیان مەسیح لە قوتابییەكانی پرسی و فەرمووی " منی ڕۆڵەی مرۆڤ ، خەڵك دەڵێن من كێم ، ووتیان : خەڵكێك دەڵێن یۆحەننای مەعمەدان . ئەوانی تر ئیلیا ... و ئەوانی تر ئەرمیا یان یەكێك لە پێغەمبەران " ( مەتتا ١٦ : ١٣-٢٠ ) ، ( ماركۆس ٨ : ٢٧-٣٠ ) ، ( لۆقا ٩ : ١٨-٢٠ ) ، ئایا ئەو وایە بە پێی ووتەی خەڵكی ؟

مرۆڤێكە لەدایكبوو و ژیا و مرد ؟

بەڵام لەدایكبوونەكەی لەسرووشت بەدەربوو ( ناسرووشتی بوو ) ( لۆقا ٢ : ٦، ٧ )

وە بەبێ گوناهە ژیا ( ١ پەترۆس ٢ : ٢٢ )

پەرجووی وای نیشاندا لەسەرووی توانای هەموو مرۆڤێك بوون لەگوناهەكانی خەڵكی خۆش بوو ( مەتتا ٩ : ١٨ )

لەمردن هەستایەوە و سەركەوت بۆ ئاسمان



**مامۆستایەکە وانە و فێرکاریی نوێی پێشکەش کرد ؟**

پێچەوانە و دژی شەریعەت نەبوو بەڵکو تەواوی کرد ( مەتتا ٥ : ١٧ )

ئەوەی درووست کرد کە بانگەشەی بۆ دەکرد و کارەکانی فێرکرد ( کردار١ : ١ )

وەك دەسەلاتدارێك فێری دەکردن و بە هێزەوە دەدوا ( مەتتا ٧ : ٢٩ )

**پێغەمبەرێکە هەلگری پەیامێك و ئەرکێکی لە خوداوە پێ سپێردرا و جێبەجێی کرد؟**

خودا بەو دەدوا نەك بەهۆی ئەوەوە

" ووشەکە لای خودا بوو ... ووشەکەش خۆی خودا بوو ... ئینجا ووشەکە بوو بە جەستەو لەنێوماندا نیشتەجێ بوو "

( یۆحەننا ١ : ١- ١٤ )

" بیستووتانە کە ووتراوە .... بەلام من دەلێم ... " ( مەتتا ٥ : ٢١, ٢٢ )

پەیامی پێشکەش نەکرد بەلکو خۆی پێشکەشکرد ( فیلیپی ١٢ : ٢١ )

لای خودا جێگەو پێگەی تایبەتی هەیە ( عیبرانیەکان ١ : ٣ )

# چوارەم : ئەی ئێوە دەڵێن ئەو کێیە ؟

پاش ئەوەی عیسا وەڵامی قوتابییەکانی گوێ لێبوو دەربارەی ئەوەی خەڵکی دەیڵێت کە ئەو کێیە پرسیکی ڕاستەوخۆی ئاراستە کردن

" ئەی ئێوە دەڵێن من کێم ؟ شەمعون پەترۆس وەڵامی دایەوە و فەرمووی . تۆ مەسیحیت ڕۆڵەی خودای زیندوو "

هاوڕێکانی و نزیکەکانی پێیان ووت :

پەترۆس - " تۆ مەسیحیت ڕۆڵەی خودای زیندوو " ( مەتتا ١٦ : ١٦ )

تۆما - " پەروەردگارم و خوداوەندم " ( یۆحەننا ١٠ : ٢٨ )

مەرتا - " تۆ مەسیحیت ڕۆڵەی خودا ئەوەی هاتوویت بۆجیهان " ( یۆحەننا ٢٧ : ١١ )

خزمەتکاری حەبەشی - " من باوەڕم هەیە کە عیسای مەسیح ڕۆڵەی خودای زیندووە " ( کردار ٨ : ٣٧ )

گەواهی لەسە فەرموودەی نێردراوەکان ( یۆحەننا ١ : ٢٩ ، ٣٦ ) ( ٢ کۆرنتۆس ٥ : ٢١ )

**دوژمنەکانی و ئەوانەی لێی دووربوون :**

پیلاتۆس - " هیچ خەوشێکم لەو مرۆڤەدا نەدۆزییەوە " ( لۆقا ٢٣ : ١٤ )

سەرپەلەکە - " ئەم مرۆڤە بێ تاوان بوو ... " ( لۆقا ٢٣ : ٤٧ )

دزەکەی سەر خاچەکە - " عیسا لەیادم مەکە کاتێك دەچیتە نێو پادشاییەکەت " ( لۆقا ٢٣ : ٤٢ )

## پێنجەم : لەبارەی خۆیەوە فەرموویەتی

" منم ڕێگا و ڕاستی و ژیان .... " ( یۆحەننا ١٤ : ٦ )

" منم شوانی دڵسۆز ، شوانی دڵسۆزیش ژیانی خۆی دەکاتە قوربانی لە پێناوی میگەلەکەی. " ( یۆحەننا ١٠ : ١١ )

"منم روناکیی جیهان ، ئەوەی دوام بکەوێت بە تاریکیدا ناڕوات بەڵکو ڕووناکی ژیانی دەبێت" ( یۆحەننا ٨ : ١٢ )

" سەرۆکی کاهینەکانیش پرسی لێکردو پێی ووت تۆی مەسیح ڕۆڵەی پیرۆز . عیسا فەرمووی من ئەوم ، لەدواییشدا دەبینن چۆن ڕۆڵەی مرۆڤ دادەنیشێت لە لای راستی خودای بەتواناوە ئینجا لەسەر هەورەکانی ئاسمان دێتەوە " ( مارکۆس ١٤ : ٦١ ، ٦٢ ) من وباوك یەکین ..... " ( یۆحەننا ١٠ : ٣٠ ) " ئەوەی منی بینیوە باوکی بینیوە ..... " ( یۆحەننا ١٤ : ٩ )

هەموو دەسەلاتەکانی ئاسمان و زەویم پێدراوە " ( مەتا ٢٧ : ٨ )



## شەشەم : عیسای ناصری .... مەسیح .... ڕۆڵەی مرۆڤ ... ڕۆڵەی خودای زیندوو

### ناوی

**عیسا** ..... " کوڕێکت دەبێت ناوی دەنێیت عیسا چونکە ئەو گەلەکەی ڕزگار دەکات لە گوناهەکانیان ... " ( مەتتا ١ : ٢١ )

**ناصرییەکە** ... " لەوێ گەیشتە شارێك بەناوی ناصیرە تێیدا نیشتەجێ بوو بەمەش ئەوەی لەسەر زمانی پێغەمبەران ووتراوە هاتە دی بەناصیرەیی ناودەبرێت....." ( مەتتا ٢ : ٢٣ )

**مەسیح** ..... ئەو مەریەمەی عیسای لێبووە کە بە مەسیح ناو دەبرێت ... " ( مەتتا ١ : ١٦ )

**ڕۆڵەی مرۆڤ** ... " هیچ کەسێك نەچۆتە ئاسمان جگە لەوەی لە ئاسمان هاتووەتە خوارەوە ئەویش ڕۆڵەی مرۆڤە کە لەئاسمانە ...." ( یۆحەننا ٣ : ١٣ )

**ڕۆڵەی خودا** ... " ئێمە باوەڕمان هێناوە و زانیومانە کە تۆ مەسیحیت ڕۆڵەی خودای زیندوو." ( یۆحەننا ٦ : ٦٩ )

**کاری بۆ تۆیە**

**خۆشی دەوێت**

**" چونکە خودا بەم جۆرە جیهانی خۆشەویست تەنانەت تاقە ڕۆڵەی خۆی پێشکەش کرد هەتا هەموو ئەوانەی باوەڕی پێدەهێنن لەناو نەچن بەڵکو ژیانی جاویدانی بەدەست بهێنن ..." ( یۆحەننا ٣ : ١٦ )**

**ڕزگارت دەکات**

**لە پێناوی تۆدا هات و بۆ ڕزگارکردنی تۆ لە ئاسمان هاتە خوارێ**

**" ئەوا من مژدەیەکی خۆش و مەزنتان پێدەدەم .... ئەمڕۆ لە شاری داود ڕزگاریدەرێك بۆتانبوو لە دایك بـوو ئەویش مەسیحـی پەروەردگارە ...." ( لۆقا ٢ : ١١ )**

**لەگەڵت دەمێنێتەوە**

**" ئائەوەتا پاکیزەکە سکی پڕ دەبێت کوڕێکی دەبێت ناوی دەنرێ عەمانوئێل واتە خودا لەگەڵمانە..." ( مەتتا ١ : ٢٣**

**( " ئەوەتا هەموو ڕۆژێك لەگەڵتانام تاوەکو کۆتایی زەمانە... " ( مەتتا ٢٨ : ٢٠ )**

**ئایا دەتەوێت ناسینێکی کەسی عیسای خوداوەند بناسیت؟**

**عیسای خوداوەند نزیکەو حەزدەکات لە پەیوەندییەکی کەسی دابیت بەوەوە**

ئەگەر هەر پرسێکت هەبوو یان دەتەوێ خۆقسە لەگەڵ کەسێك بکەیت بتوانێت تێت بگات و
هەموو پرسەکانت وەڵام بداتەوە

ئەگەر زانیاری زیاترت وویست یان تۆ لە هەر وولاتێك بوویت و وویستت نامەت بۆ بنێرین
تەنها نامەیەك بنووسە بە پۆستی ئەلیکترۆنی یان پەیوەندی تەلەفۆنیمان پێوە بکە تاکو
بتوانین زیاتر یارمەتیت بدەین

ژیانی خۆشویستنی جیهانی - کوردستان

**laii.org**